# ئەمریکا بەرژەوەندیەکانی خۆی بە ڕزگاربوونی گەلان وئازادی ناگۆڕێ

هشام ئکرەیی

له دوای هاتنی لەشکری ئەمریکا بۆ عێراق و باشووری کوردستان و کەوتنی هەرێمەکە بۆ ژێر دەسەلاتی ئەو، باس لە ڕۆڵی ئەمریکا دەکرێت وپرسیار لەوە دەکرێت، ئایا ئەمریکا هێزێکی داگیرکەرە یان ڕزگارکەر. هەروەما باس لەو گۆڕانکاریە دەکرێت کە ئەمریکا لە گەڵ خۆی هێناون بۆ ناوچەکە.

لە سەرەتادا دەبێ مرۆڤ جیاوازی دابنێت لە نێوان شیکردنەوە و ڕای تاک بە سیاسەتی ئەمریکا و ئەمریکا وەک تاکە هێز و جەمسەر لە جیهاندا.

گومان لەوەدا نیە کە ئەمریکا زلهێزی تاقانەیە ودەسەلاتی سەپاندوە بە سەر دونیا و ڕۆڵی داگیرکەر دەگێڕێت و دەیەوێت هەموو ولاتانی تری جیهان ملکەچی بڕیارەکان و سیاسەتی ئەو بن، بۆ ئەو مەبەستەش شێوەیەکی تێکەڵاو لە داگیرکردنی کۆن ونوێ بەکاردێتێ. واتە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی هێز و لەشکر، دوو شێوەی ناڕاستەوخۆ (دەسەلاتی سەرمایە و ڕۆشەنبیری و کولتوور) .

چونکە ململانێی ئازادی سەرمایە ویاساکانی بازاری ئازادی سەرمایەداری، هەموو جارێ بە قازانجی ئەمریکادا ناشکێتەوە، بۆیە ئەمریکا ئەو کاتە هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی هێز ئەو بازارە بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەمەش جیاوازیەکەی گەوریە لە نێوان ئەمریکا وەک زلهێز و ولاتانی تری سەرمایەداری ئەوەی پیان دەوترێت گرۆپی حەوت کۆ ڕۆسیا.

لێرەدا دەگینە ئەو ڕاستیە، کە ئەمریکا لە بەڕێوەبردن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی ئامادەیە هەموو شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوە (لە ئابلۆقە و فشاری ئابووری تا هێز) بەکار بێنێت، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی و ولاتانی تری جیهان. ئەم سیاسەتەی ئێستا ئەمریکا پەیڕەو دەکات، گەڕانەوەیە بۆ سیاسەتی ساڵەکانی هەشتاکان و کاتێ دونیای دوو چەم سەری. جەم سەری ئەمریکایەکان (ڕۆژئاوایی، سەرمایەداری) و جەم سەری یەکێتی سۆڤێتی کۆن ("کۆکۆنیستی") .

لەو کاتەدا گەلێ لێکۆڵینەوەو بیروڕای جیا جیا هەبوون لە سەر ئەم دوو جەمسەرە، بە تایبەت جەمسەری ورچی سپی (ڕۆسیا) . هەندێ ئایدیا، ڕۆسەکانی بە بەرەی کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدا. هەندێ ئایدیای تر بە ئیمپریالیست لە قەڵەم دەدا و زۆر بوچوونی تریش هەبوون.

ئەوەی دەتوانین بە بێ سێودوو بڵێین ئەوەیە کە نە ئەمریکا و نە یەکێتی سۆڤێتی کۆن، بەرگری لە سەربەخۆیی گەلان و ئازادی و دیموکراسی و کۆمۆنیزمیان دەکرد و دەکەن. بەڵکوو ئەوانە تەنیا بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن و دەکرد و بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە ئامادەن هەموو بیروباوەڕێک بخەنە ژێر پوستالی ڕەشی سەربازەکانی خۆیان. هەر لەبەر ئەوەش دەبینین ئەمریکا گەورەترین هاوکاری دەداتە دکتاتۆرترین ولات و سەرکردە. بە هەمان شێوە ڕۆسیای کۆن و هەندێ ولاتی تری سەرمایەدار و ئەوانەی لە سەر سوسیالیست و کۆمۆنیست و دیموکرات دەژمێردرێن، هەمان هەلوێستیان هەبوو.

ئەمانە گشت ڕاستین و نابێ دوور لەم ڕاستیانە لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەگینا دەکەوینە هەڵەیەکی گەورە و هەرەسێکی تر. واتە ئەگەر هەر پەیوەندیەک لە ناچاریەوە دروست بکرێت لە گەڵ ئەمریکا دەبێ ڕاستەوخۆ و بەڕاشکاوەی لە سەر بنەمای بەرژەوەندیەکان دابمەزرێن و بە ڕاشکاوی باس لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە گەڵ کورد بکرێت و ئەو بەرژەوەندیانەی ئەمریکا بۆ کورد جێبەجێ دەکات.

هەر لە سەر ئەو بنمایانەش لە چەندین بابەتدا باسی هاتنی ئەمریکا کراوە بۆ ناوجەکە. هەو وەها باس لە سوودی ئەو هاتنە بۆ گەلی کورد و دیموکراسی و ئازادی کورد دەکرێت و لە لای ترەوە کورد چ دەداتە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەمریکا. هەلبەتە لێرەدا کە باسی دیموکراسی و ئازادی دەکرێت مەبەست دیموکراسی رۆژئاوایی یە و ئازادی نەتەوەیی و تاکە.

وابزانم هەر لەتاکە کەسەوە تاوەکو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و رێکخراوی پیشەیی و سیاسی و پارتیە سیاسیەکان بە هەموو ئایدیاکانەوە و ڵاتانی جیهان، هەموویان بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن و لە بنەرەتدا بۆ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیانە دروستکراون.

پارتێکی کۆمۆنیست بەرژەوندیەکانی کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشان دەپارێزێت، پارتێکی ئیسلامی هی موسڵمانان، پارتێکی نەتەوەی هی نەتەوەکە و هتد. . . . . . . جیاوازی لە وەدایە، بە چ شێوەیەک و چۆن ئەم بەرژوەندیانە دەپارێزن و دابیندەکەن؟ و ئایە ئەو بەرژەوەندیە مافی ئەوان بوە یان نا؟

لای ئەمریکا رۆیشتنی نەوت بە شێوەیەکی رێک و پێک لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەمریکا، مافە و دەبێ دابن بکرێت و بۆ ئەو مەستە ئامادەیە هێزیش بەکاربێنێت. لای ئەمریکا بە مانەوەی رژێمی موبارەک لە میسر لە سەر دەسەڵات بەرژەوندیەکانی ناکەونە مەترسیەوە، هەربۆیە هاوکاری دەکات. بۆ ئەمریکا تورکیا دەروازیەکە بۆ کونترۆڵکردنی رۆژهەلاتی ناوەراست و نەوتی ئاسیای بچووک، بۆیە هاوکاری تورکیا دەکات. هەر کاتێ تورکیا ئەو رۆڵە نەگێرێت، ئەمریکاش هاوکاری ناکات. ئەمریکا بە رەوشتی تاقە زلهێزی جیهان هەڵسووکەوت دەکات و هەڵوێست وەردەگرێت.

ئەوەی ئەمریکا دەکات یەک جیاوازی هەیە لە گەڵ وڵاتان و لایەنەکانی تر، ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکا وەک تاقە زلهێزێ جیهان کاردانەوەی هەیە بەرامبەر بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و دەست ناپارێزێ لە بەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی دەسەڵات و پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە. لایەنەکانی تر هێز و تواناییان نیە و هەندێکیان ئامادەنین هێز بەکاربێنن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان.

بۆ نموونە پارتە ئیسلامیەکانی توندرێ و ئەمریکا دەیانویست " رژێمی سەر بە رۆسیای بە ناو کۆمۆنیست لە ئەفغانستان بگۆرن، بۆیە هەردووکیان کە دوژمنی یەکیترن هاوکار بوون. واتە بەرژەوەندی کۆیانی کردەوە، نەک بیرورا. بزوتنەوەی ئیسلامی و پارتەکانی تری ئیسلامی کە دژی "حوکمەتی هەرێمی کوردستان" ناراوەستن، بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن نەک لە گەڵ ئەو حوکمەتەدان.

پارتێکی کۆمۆنیست ئەگەر لە هەمان بەرە و سەنگەری ناسیونالیستەکاندا بێت و بە فیکەی ئەوان بجۆلێت، ئەو پەیوەندیە لە سەر بنماائایدیولجیەکان دانەنراون وزیاتر ئەو کەسانەی ناو ئەو پارتە دەیانەوێت بەرژەئەندیەکانی خۆیان بپارێزن. خودی پارتی کۆمۆنیستیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چین دامەزراون.

منی تاک ئەکەر لەگەڵ پارتێکدا بم، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆم ئەو کارە دەکەم و ئامادەبوومە ئازادی کەسایەتی خۆم بشێوێنم لە پێناو دەسکەوتە مادی و دەرۆنیەکان. (ئەم قسانە ژمارەیەک لە ئەندامان و کەسان ناگرتەوە، ئەوانەی ئامادەن گیانی خۆیان بەخت بکەن لە پێناو نیشتمان و گەل و چین، ئەوانەی ئامادەن ببن بە پرد تاوەکو کاروانی شۆرش دەربازبێت) .

لە کۆتاییدا دەڵێم، بەرژەوەندی بنەمای سەرەکی هەر جۆڵانەوەیەکە. جیاوازی لە شێوەی پاراستن و دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیانەیە. لەوانەیە ئەوەی تۆ پێی دەڵێی ماف، دەستدرێژی بێت بۆ سەر مافی کەسانێکی تر. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر سوود و دادوەری هەر پەیوەندیەک بکرێت لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەک تەنیا بیروباوەر و جیاوازیش دابنرێت لە نێوان بەرژەوەندیەمانی تاک و کۆ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.